[www.regayrasty.com](http://www.regayrasty.com)

سورة غافر – سورەتی 40 – ژمارەی ئایەتەکانی85

بسم الله الرحمن الرحيم

(بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان )

1. حم : چەند پیتێک لە سەرەتای هەندێ لە سوورەتەکانی قورئاندا هاتوون ژمارەیان ( 14 ) پیتە ، نیوەی کۆی پیتەکانی زمانی عەرەبین ، بۆ سەلماندنی (اعجاز) و مەزنی و گرنگی قورئان کە لە توانای هیچ کەسدانیە بەو پیتانە کتێبێکی ئاوا بێوێنە دابنێت بەرادەیەک هەتا هەموو گرۆی ئادەمیزاد و پەری کۆ ببنەوە بۆ ئەو مەبەستە ، بێگومان چەندەها نهێنی تریشی تیایە ، زاناکان لە هەندێکی دواون ، هەندێکیشیان وتویانە : هەر خوا خۆی زانایە بە نهێنی ئەو پیتانە .

2. تَنزِيلُ الْكِتَابِ مِنَ اللَّهِ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ : هاتنە خوارەوەی ئەم قورئانە لەلایەن خوای باڵادەست و شارەزا و زانایە .

3. غَافِرِ الذَّنبِ وَقَابِلِ التَّوْبِ شَدِيدِ الْعِقَابِ ذِي الطَّوْلِ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ إِلَيْهِ الْمَصِيرُ : هەمیشە ئەو زاتە لێخۆش بووی گوناهە ، وەرگری تەوبە و پەشیمانیە لە بەندە گوناهبارەکانی تۆڵەسێنەرە زۆر بەسەختی لە یاخی بووان و ستەمکاران ، دەسەڵاتدارە و خاوەن و بەخشێنەری ناز و نیعمەتەکانە ، هیچ خوایەک نیە جگە لەو ، سەرەنجامیش هەر بۆ لای ئەوە .

4. مَا يُجَادِلُ فِي آيَاتِ اللَّهِ إِلَّا الَّذِينَ كَفَرُوا فَلَا يَغْرُرْكَ تَقَلُّبُهُمْ فِي الْبِلَادِ : هیچ کەس لە بەرامبەر ئایەت و فەرمانەکانی خواوە موجادەلە و دەمەدەمێ ناکات ، جگە لەوانەی کە بێ بڕواو خوانەناس بوون ، ئەی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) کەواتە دەسەڵات و سەرمایە و هێزیان فریوت نەدات .

5. كَذَّبَتْ قَبْلَهُمْ قَوْمُ نُوحٍ وَالْأَحْزَابُ مِن بَعْدِهِمْ وَهَمَّتْ كُلُّ أُمَّةٍ بِرَسُولِهِمْ لِيَأْخُذُوهُ وَجَادَلُوا بِالْبَاطِلِ لِيُدْحِضُوا بِهِ الْحَقَّ فَأَخَذْتُهُمْ فَكَيْفَ كَانَ عِقَابِ : پێش ئەمانیش ( کافرانی مەککە و ئەوانەی لە دوایان دێن ) قەومی نوح و گەلێ دەستە و گرۆی تریش باوەریان بە پێغەمبەرەکانیان نەکرد ، هەر گەلێک پەلاماری پێغەمبەرەکەی دەدا تا دەسگیری بکات و ئازاری بدات و لە بەرنامەکەی لای بدات ، هەروەها موجادەلە و دەمەدەمێیان دەکرد بۆ ئەوەی حەق داپۆشن و نەیهێڵن ، جا منیش پێچامنەوە و

لەناوم بردن ، بڕوانن چۆن تۆڵەیەکم لێسەندن !
6. وَكَذَلِكَ حَقَّتْ كَلِمَتُ رَبِّكَ عَلَى الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّهُمْ أَصْحَابُ النَّارِ : ئا بەو شێوەیە
بڕیاری پەروەردگاری تۆ ئەی محمد ( صلى الله عليه وسلم ) چەسپا بەسەر ئەوانەدا
کە خوانەناس و بێ باوەڕ بوون ، بەڕاستی ئەوانە نووشتەجێی دۆزەخن .
7. الَّذِينَ يَحْمِلُونَ الْعَرْشَ وَمَنْ حَوْلَهُ يُسَبِّحُونَ بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَيُؤْمِنُونَ بِهِ وَيَسْتَغْفِرُونَ لِلَّذِينَ آمَنُوا
رَبَّنَا وَسِعْتَ كُلَّ شَيْءٍ رَّحْمَةً وَعِلْمًا فَاغْفِرْ لِلَّذِينَ تَابُوا وَاتَّبَعُوا سَبِيلَكَ وَقِهِمْ عَذَابَ الْجَحِيمِ :
ئەو فریشتانەی کە عەرش و تەختی پەروەردگار هەڵدەگرن ، ئەوانەش کە بەدەوریدا
دەسوڕێنەوە ، تەسبیحات و ستایش و سوپاسی پەروەردگاریان دەکەن ، ئیمان و
باوەڕی زۆر بەهێزو دامەزراویان پێیەتی ، داوای لێخۆشبوونیش دەکەن بۆ ئەوانەی
کە باوەڕیان هێناوە ، دەڵێن : پەروەردگار !! ڕەحمەت و میهرەبانی تۆ ، زانست و
زانیاری تۆ ، هەموو شتێک پێ گرتوتەوە ، کەوابوو خۆش ببە لەوانەی کە تەوبەیان
کردوە و لە گوناهەکانیان پەشیمانن و شوێن بەرمانە و ڕێبازی تۆ دەکەون ،
هەروەها لە ئاگری دۆزەخیش بیانپارێزە .
8. رَبَّنَا وَأَدْخِلْهُمْ جَنَّاتِ عَدْنٍ الَّتِي وَعَدتَّهُم وَمَن صَلَحَ مِنْ آبَائِهِمْ وَأَزْوَاجِهِمْ وَذُرِّيَّاتِهِمْ إِنَّكَ أَنتَ
الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ : پەروەردگارا بیانخەرە ئەو باخ و باخاتەی بەهەشتی عەدنەوە کە
بەڵێنت پێداون ، هاوڕێ لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە چاک و خواناسن ، لە باوک دایک
و هاوسەران و نەوەکانیان ، بەڕاستی هەر تۆ خوایەکی باڵادەست و دانایت .
9. وَقِهِمُ السَّيِّئَاتِ وَمَن تَقِ السَّيِّئَاتِ يَوْمَئِذٍ فَقَدْ رَحِمْتَهُ وَذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ : لە تۆڵەی
هەموو گوناهەکان بیانپارێزە ، خۆ هەر کەسێک لە تۆڵەی گوناهەکان بپارێزیت لە
ڕۆژی قیامەتدا ، ئەوە ئیتر تۆ ڕەحمت پێ کردووە ، هەر ئەوەشە سەرفرازی و
سەرکەوتنی گەورە و بێ سنوور .
10. إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا يُنَادَوْنَ لَمَقْتُ اللَّهِ أَكْبَرُ مِن مَّقْتِكُمْ أَنفُسَكُمْ إِذْ تُدْعَوْنَ إِلَى الْإِيمَانِ
فَتَكْفُرُونَ : بێگومان ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون لە قیامەتدا بانگیان لێ دەکرێت کە
ڕق و خەشم و قینی خوا زۆر زیاترە لە ڕق و خەشم و قینتان دژ بەیەکتر ، چونکە
کاتی خۆی کوفرتان بەرنەدەدا و لەسەری بەردەوام دەبوون .
11. قَالُوا رَبَّنَا أَمَتَّنَا اثْنَتَيْنِ وَأَحْيَيْتَنَا اثْنَتَيْنِ فَاعْتَرَفْنَا بِذُنُوبِنَا فَهَلْ إِلَى خُرُوجٍ مِّن سَبِيلٍ :
کافران لە وەڵامدا دەڵێن : پەروەردگارا تۆ دەسەڵاتت بێ سنوورە دووجار ئێمەت
مراندووە و دووجارئێمەت زیندووکردۆتەوە ( مەبەست نەبوونی پێش هاتنە دنیایە ،
کە جۆرە مردنێکە و ئەو مردنەش کە دەیزانن ، ژیانی دنیاو زیندوو بوونەوەی
قیامەتیش دوو جۆر ژیانە ) ئایا چارەسەرێک ، ڕێبازێک نیە ، بۆ ڕزگاریمان ؟

12. ذَلِكُم بِأَنَّهُ إِذَا دُعِيَ اللَّهُ وَحْدَهُ كَفَرْتُمْ وَإِن يُشْرَكْ بِهِ تُؤْمِنُوا فَالْحُكْمُ لِلَّهِ الْعَلِيِّ الْكَبِيرِ : ئێستاش ئەو بارودۆخەی کە تێی کەوتوون بەهۆی ئەوەوەیە ، بەراستی کاتێک بانگەواز بکرێت بۆ پەرستنی خوای تاک و تەنها ، ئێوە باوەڕ ناهێنن ، خۆ ئەگەر هاوەڵی بۆ بڕیار بدرێت و ڕێبازی یەکخواناسین کەناربخرێت ، ئێوە باوەڕ بەوە دەهێنن ، ئێستاش فەرمان ، هەر فەرمانی خوای بەرزو بلند و گەورەیە ( بۆ جیاکردنەوەی ئیمانداران لە بێ باوەڕان ) .

13. هُوَ الَّذِي يُرِيكُمْ آيَاتِهِ وَيُنَزِّلُ لَكُم مِّنَ السَّمَاءِ رِزْقًا وَمَا يَتَذَكَّرُ إِلَّا مَن يُنِيبُ : ئەو خوایە بەردەوام بەڵگە و نیشانەی دەسەڵاتداریی خۆیتان نیشان دەدات ، لە ئاسمانیشەوە رزق و ڕۆزیتان بۆ دادەبەزێنێت ( وەک : باران ، هەوا ، جۆرەها تیشک ، کە دەبنە سەرچاوەی ڕۆزی ) کەسیش یاداوەری وەرناگرێت و بیرناکاتەوە جگە لەوانەی کە : دەگەڕێنەوە بۆ لای ئەو زاتە .

14. فَادْعُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ وَلَوْ كَرِهَ الْكَافِرُونَ :کەواتە ئەی ئیمانداران : ئێوە هەر هانا و هاوار بۆ خوا بەرن و ملکەچ و فەرمانبەرداری ئاین و بەرنامەکەی ئەو بن ، ئەگەر چی کافرو بێ باوەڕەکان پێی سەغڵەت بن و پێیان ناخۆش بێت .

15. رَفِيعُ الدَّرَجَاتِ ذُو الْعَرْشِ يُلْقِي الرُّوحَ مِنْ أَمْرِهِ عَلَى مَن يَشَاءُ مِنْ عِبَادِهِ لِيُنذِرَ يَوْمَ التَّلَاقِ : ئەو پەروەردگارە پلەو پایەی زۆر بلندە ، خاوەنی تەختی فەرمانڕەوایی تایبەتی خۆیەتی ، ئەوزاتە وەحی و نیگا بە فەرمانی خۆی دەنێرێت بۆ هەرکام لە بەندەکانی کە بیەوێت ، ( قورئان ڕۆحە ، چونکە ژیان بەخشە بەعەقل و دڵ و دەروون ) ، بۆ ئەوەی خەڵکی بترسێنێت لە ڕۆژی بەیەکگەیشتنەوە ( گەیشتنەوەی ڕۆح بە جەستە ، گەشتنەوەی ئادەمیزاد بەکردەوەکانی ...)

16. يَوْمَ هُم بَارِزُونَ لَا يَخْفَى عَلَى اللَّهِ مِنْهُمْ شَيْءٌ لِّمَنِ الْمُلْكُ الْيَوْمَ لِلَّهِ الْوَاحِدِ الْقَهَّارِ : ئەو ڕۆژە هەموویان بە دەرەوەن ، ( ڕوت و ڕەجاڵ ، نهێنی و ئاشکرا وەک یەکە ) ، هیچ شتێکیان لە خوا شاراوە نییە ، ئەوسا پەروەردگاری مەزن ، دەفەرموێت : ئەمرۆ پاشایەتی و فەرمانڕەوایی شایستەی کێیە ؟ کێ خاوەنی هەموو ئەم بوونەوەرەیە ؟ کەس نیە وەڵام بداتەوە ، خۆی دەفەرموێت : هەر هەمووی بۆ خوای تاک و تەنها و خەشمگیرە .

17. الْيَوْمَ تُجْزَى كُلُّ نَفْسٍ بِمَا كَسَبَتْ لَا ظُلْمَ الْيَوْمَ إِنَّ اللَّهَ سَرِيعُ الْحِسَابِ : ئەمرۆ هەموو کەس پاداشتی کار و کردەوەی خۆی وەردەگرێت ، بەڕاستی خوای گەورە بەخێرایی لێپرسینەوەکان ئەنجام دەدات ( چونکە هەموو شت ڕوونە لای ) .

18. وَأَنذِرْهُمْ يَوْمَ الْآزِفَةِ إِذِ الْقُلُوبُ لَدَى الْحَنَاجِرِ كَاظِمِينَ مَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ حَمِيمٍ وَلَا

شَفِيعٍ يُطَاعُ : ئەی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) بیانترسێنە و ئاگایان بکە لە
ڕۆژە نزیکەکە ، ڕۆژی قیامەت ، کاتێک کە دڵەکان دەگەنە گەروو ، غەمگینی و پەژارە
و تەنگانە دڵ ودەروونی خوانەناسان بە تەواوی داگیر دەکات ، هیچ دڵسۆز و
پشتیوانێک بۆ ستەمکاران نییە ، کەس تکاکار و غەمخۆریان نیە ، تا قسەیەکی
ڕەواجی هەبێت و تکای لێ وەربگیرێت .
19. يَعْلَمُ خَائِنَةَ الْأَعْيُنِ وَمَا تُخْفِي الصُّدُورُ : ئەو خوایە هەمیشە چاوە خیانەتکار و
ناپاکەکان دەناسێت و دەزانێت چی لە دڵ و دەروەو و سینەکاندا حەشاردراوە .
20. وَاللَّهُ يَقْضِي بِالْحَقِّ وَالَّذِينَ يَدْعُونَ مِن دُونِهِ لَا يَقْضُونَ بِشَيْءٍ إِنَّ اللَّهَ هُوَ السَّمِيعُ
الْبَصِيرُ : هەمیشە خوا دادوەریی لەسەر بنچینەی حەق و ڕاستی ئەنجام دەدات ،
ئەوانەی جگە لەو زاتە هاواریان لێ دەکەن ، هیچ دەسەڵات و داوەریەکیان لە دەست
نایەت ، بەڕاستی هەر خوا خۆی بیسەر و زانایە .
21. أَوَ لَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ كَانُوا مِن قَبْلِهِمْ كَانُوا هُمْ
أَشَدَّ مِنْهُمْ قُوَّةً وَآثَارًا فِي الْأَرْضِ فَأَخَذَهُمُ اللَّهُ بِذُنُوبِهِمْ وَمَا كَانَ لَهُم مِّنَ اللَّهِ مِن وَاقٍ : ئایا
ئەوە بەسەر زەویدا نەڕۆشتوون ، تا تەماشا بکەن و سەرنج بدەن ، سەرەنجامی
ئەوانەی پێش ئەمان چۆن بوو ، چیان بەسەرهات ؟ ئەوانە لەمان زۆر بەهێزتر بوون
و جێ دەست و شوێنەواریان زیاتر لە زەویدا ئاشکرا بوو ، جا ئەوە بوو خوا بەهۆی
گوناهەکانیانەوە لە ناوی بردن ، کەس نەیتوانی لە سزای خوا بیانپارێزێت و
پەنایان بدات و ڕزگاریان بکات .
22. ذَلِكَ بِأَنَّهُمْ كَانَت تَّأْتِيهِمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَكَفَرُوا فَأَخَذَهُمُ اللَّهُ إِنَّهُ قَوِيٌّ شَدِيدُ الْعِقَابِ
: ئەو بارودۆخەیان بۆیە بەسەردا هات ، چونکە بەڕاستی کاتی خۆی
پێغەمبەرەکانیان بە چەندەها بەڵگە و نیشانەی ئاشکراوە ڕاستیەکانیان
پێرادەگەیاندن ، کەچی بڕوایان نەکرد و باوەڕیان نەهێنا ، ئینجا خوای گەورە
لەناوی بردن و پێچانیەوە ، چونکە بێگومان ئەو خوایە بەهێزەو تۆڵەسەندنەوەی
زۆر توند و بە ئێشە لە بێ باوەڕان .
23. وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا مُوسَى بِآيَاتِنَا وَسُلْطَانٍ مُّبِينٍ : سوێند بەخوا بەڕاستی ئێمە موسامان
ڕەوانە کرد هاوڕێ لەگەڵ چەندەها بەڵگە و نیشانەی ئاشکرادا ....
24. إِلَى فِرْعَوْنَ وَهَامَانَ وَقَارُونَ فَقَالُوا سَاحِرٌ كَذَّابٌ : بۆ سەر فیرعەون و هامان و
قاروون ، بەڵام ئەو ستەمکارانە وتیان : جادووگەرێکی درۆزنە !!
25. فَلَمَّا جَاءهُم بِالْحَقِّ مِنْ عِندِنَا قَالُوا اقْتُلُوا أَبْنَاء الَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ وَاسْتَحْيُوا نِسَاءهُمْ وَمَا
كَيْدُ الْكَافِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَالٍ : جا کاتێک هات بۆ لایان و هەموو ڕاستیەکی بۆ

سەلماندن بە بەڵگە و معجزەی ئاشکراوە کە لەلایەن ئێمەوە پێی بەخشرابوو ، فیرعەون و دارودەستەی فەرمانیاندا و وتیان : ڕۆڵەی نێرینەی هەموو ئەوانە بکوژن کە باوەڕیان هێناوە و لەگەڵ موسادان ، ئافرەت و کچەکانیان بهێڵنەوە بۆ کارەکەی ، بەڵام خەیاڵیان خاوە ، لەکاتێکدا پیلان و تەڵەکەی بێ باوەڕان هیچ نییە ، تەنها سەری لەسەر گەردانیەوە دەردەچێت .

26. وَقَالَ فِرْعَوْنُ ذَرُونِي أَقْتُلْ مُوسَى وَلْيَدْعُ رَبَّهُ إِنِّي أَخَافُ أَن يُبَدِّلَ دِينَكُمْ أَوْ أَن يُظْهِرَ فِي الْأَرْضِ الْفَسَادَ : ئینجا فیرعەون وتی : وازم لێ بهێنن با موسا بکوژم ، با هەر هاوار لە پەروەردگاری بکات ، چونکە بەراستی من دەترسم کە دین و ئاینتان بگۆڕێت ! ، یاخود دووبەرەکی و خراپە و شەڕ و شۆڕ لە وڵات و سەرزەویدا بەرپا بکات !!

27. وَقَالَ مُوسَى إِنِّي عُذْتُ بِرَبِّي وَرَبِّكُم مِّن كُلِّ مُتَكَبِّرٍ لَّا يُؤْمِنُ بِيَوْمِ الْحِسَابِ : موسا وتی : بێگومان من پەنا دەگرم بە پەروەردگاری خۆم کە پەروەردگاری ئێوەشە لە هەموو لوت بەرزو خۆبەزل زانێک باوەڕی بەڕۆژی لێپرسینەوە نەبێت ( ڕاستیەکان ئاوەژوو بکات ) .

28. وَقَالَ رَجُلٌ مُّؤْمِنٌ مِّنْ آلِ فِرْعَوْنَ يَكْتُمُ إِيمَانَهُ أَتَقْتُلُونَ رَجُلًا أَن يَقُولَ رَبِّيَ اللَّهُ وَقَدْ جَاءكُم بِالْبَيِّنَاتِ مِن رَّبِّكُمْ وَإِن يَكُ كَاذِبًا فَعَلَيْهِ كَذِبُهُ وَإِن يَكُ صَادِقًا يُصِبْكُم بَعْضُ الَّذِي يَعِدُكُمْ إِنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ كَذَّابٌ : ( دیارە سەرەنجام فیرعەون بڕیاریداوە موسا شەهید بکات بۆیە ) : پیاوێکی ئیماندار لە خزمانی فیرعەون کە باوەڕەکەی شاردبۆوە تا ئەو کاتە ، وتی : ئایا ڕەوایە پیاوێک بکوژن تەنها تاوانی ئەوەیە کە دەڵێت پەروەردگارم ـ الله ـ یە ، لە کاتێکدا چەندەها بەڵگەو نیشانەشی لە لایەن پەروەردگارتانەوە بۆ هێنان و نیشانی داون ، خۆ ئەگەر درۆزن بێت ، ئەوە درۆزنیەکەی بە زەرەری خۆی تەواو دەبێت ، خۆ ئەگەر ڕاستگۆبێت هەندێک لەو بەڵایانەتان بەسەردێت کە پێی ڕاگەیاندوون ، بەراستی من دڵنیام کە : خوا هیدایەت و ڕێنموویی کەسێک ناکات زیادەڕە و درۆزن بێت ( واتە : ئەگەر مووسا درۆزن بوایە ، ئەو هەموو پشتیوانیەی لێ نەدەکرا لەلایەن خواوە ) .

29. يَا قَوْمِ لَكُمُ الْمُلْكُ الْيَوْمَ ظَاهِرِينَ فِي الْأَرْضِ فَمَن يَنصُرُنَا مِن بَأْسِ اللَّهِ إِنْ جَاءنَا قَالَ فِرْعَوْنُ مَا أُرِيكُمْ إِلَّا مَا أَرَى وَمَا أَهْدِيكُمْ إِلَّا سَبِيلَ الرَّشَادِ : هەروەها وتی : ئەی قەوم و هۆزم ئەمڕۆ ئێوە دەسەڵاتتان هەیە بەسەر ئەم ناوچەیەدا و بەئارەزووی خۆتان فەرمانڕەوایی تیادا دەکەن ، جا بیر بکەنەوە و تێفکرن کێ دەتوانێت فریامان بکەوێت ، کێ دەتوانێت ڕزگارمان بکات ، لە تۆڵە و سزای خوا ئەگەر یەخەی

پێگرتین ؟ فرعەون قسەکەی پێ بڕی ووتی : من تەنها هەر ئەو راو بۆچوونە بەچاک
دەزانم و لام پەسندەکە پێم راگەیاندن ، من تەنها رێبازی چاک و دروستم نیشانداون
!!

30. وَقَالَ الَّذِي آمَنَ يَا قَوْمِ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُم مِّثْلَ يَوْمِ الْأَحْزَابِ : ئەو پیاوەی کە
ئیمانی هێنابوو وتی : بێگومان من دەترسم رۆژێکتان بەسەربێت وەکو ئەو رۆژەی
بەسەر گرۆ و قەومە نالەبارەکانی پێشوودا هات ....

31. مِثْلَ دَأْبِ قَوْمِ نُوحٍ وَعَادٍ وَثَمُودَ وَالَّذِينَ مِن بَعْدِهِمْ وَمَا اللَّهُ يُرِيدُ ظُلْمًا لِّلْعِبَادِ : وەکو
ئەوەی قەومی نوح و عاد و ثمود و ئەوانەی بەدوای ئەواندا هاتن ، جا وەنەبێت خوا
بیەوێت ستەم لە بەندەکان بکات و حەز بە تیاچونیان بکات .

32. وَيَا قَوْمِ إِنِّي أَخَافُ عَلَيْكُمْ يَوْمَ التَّنَادِ : ئەی قەوم من بەراستی دەترسم لە رۆژی
هاوارو ئاهونالە و بانگکردنتان بۆ لێپرسینەوە( قیامەت ) .

33. يَوْمَ تُوَلُّونَ مُدْبِرِينَ مَا لَكُم مِّنَ اللَّهِ مِنْ عَاصِمٍ وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَمَا لَهُ مِنْ هَادٍ : ئەو
رۆژەی کە هەموو لەبەری هەڵدێن و پشت هەڵدەکەن و هەموو سەرگەردانن ، نازانن
چی بکەن و روو بکەنە کوێ ، کەس نیە پەناتان بدات لە خەشم و قینی خوا ،
ئەوەش خوا گومڕای بکات بەهۆی خراپەکاری خۆیەوە ، هیچ کەسی تر ناتوانێت
هیدایەت و رێنموویی بکات .

34. وَلَقَدْ جَاءكُمْ يُوسُفُ مِن قَبْلُ بِالْبَيِّنَاتِ فَمَا زِلْتُمْ فِي شَكٍّ مِّمَّا جَاءكُم بِهِ حَتَّى إِذَا هَلَكَ
قُلْتُمْ لَن يَبْعَثَ اللَّهُ مِن بَعْدِهِ رَسُولًا كَذَلِكَ يُضِلُّ اللَّهُ مَنْ هُوَ مُسْرِفٌ مُّرْتَابٌ : سوێند بە خوا
بەراستی کاتی خۆی یوسف بەڵگە و نیشانەی زۆری بۆ هێنان تا رێبازی خواناسی
بگرنەبەر ، کەچی بەردەوام لە گوماندا بوون ، بەرامبەر ئەو بەرنامە و ئاینەی کە
بۆی هێنابوون ، هەتا ئەو کاتەی وەفاتی کرد ، ئەوسا وتتان : ئیتر تەواو هەرگیز
خوا دوای ئەم پێغەمبەری تر نانێرێت ، هەر بەو شێوەیە خوا کەسانی سەرکەش و
گوناهکار و دڵ دانەمەزراو و راڕا گومڕا دەکات .

35. الَّذِينَ يُجَادِلُونَ فِي آيَاتِ اللَّهِ بِغَيْرِ سُلْطَانٍ أَتَاهُمْ كَبُرَ مَقْتًا عِندَ اللَّهِ وَعِندَ الَّذِينَ آمَنُوا
كَذَلِكَ يَطْبَعُ اللَّهُ عَلَى كُلِّ قَلْبِ مُتَكَبِّرٍ جَبَّارٍ : ئەو کەسانەی کە موجادەلە و گفتوگۆ
دەکەن دەربارەی ئایەت و فەرمانەکانی خوا ، بێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەکیان بۆ
هاتبێت ، ئەم مجادەلە و گفتو گۆیە زۆر بێزراو و تاوانە لای خوا و لای ئەوانەش کە
ئیمانیان هێناوە ، هەر بەو شێوەیە خوا مۆر دەنێت بەسەر هەموو خاوەن دڵێکی
خۆبەزل زان و رق ئەستوور و ستەمکاردا .

36. وَقَالَ فِرْعَوْنُ يَا هَامَانُ ابْنِ لِي صَرْحًا لَّعَلِّي أَبْلُغُ الْأَسْبَابَ : ئا لەو گەرمەی قسەی

ئیمانداره‌دا فیرعه‌ون به‌ هامانی وت : ئه‌ی هامان بورجێكی به‌رزم بۆ دروست بكه‌ ،
بۆ ئه‌وه‌ی هه‌ندێك هۆكارم ده‌ست بكه‌وێت !!....
37. أَسْبَابَ السَّمَاوَاتِ فَأَطَّلِعَ إِلَى إِلَهِ مُوسَى وَإِنِّي لَأَظُنُّهُ كَاذِبًا وَكَذَلِكَ زُيِّنَ لِفِرْعَوْنَ سُوءُ
عَمَلِهِ وَصُدَّ عَنِ السَّبِيلِ وَمَا كَيْدُ فِرْعَوْنَ إِلَّا فِي تَبَابٍ : هۆكاری به‌رزبوونه‌وه‌ی بۆ
ئاسمانه‌كان ، تا له‌وێوه‌ سه‌ركه‌وم و نهێنیه‌كان شاره‌زا ببم تا سه‌ردانێكی خوای
موسا بكه‌م و ببینم !! هه‌رچه‌نده‌ من دڵنیام كه‌ درۆزنه‌ !! ، ئابه‌و شێوه‌یه‌
كاروكرده‌وه‌ ناشیرینه‌كان لای فیرعه‌ون جوانكراو ، له‌ ڕێبازی راست و دروست لادرا
، بێگومان پیلان و نه‌خشه‌ی نادروستی فیرعه‌ون هه‌ر له‌ زه‌ره‌ردایه‌ .
38. وَقَالَ الَّذِي آمَنَ يَا قَوْمِ اتَّبِعُونِ أَهْدِكُمْ سَبِيلَ الرَّشَادِ : ئه‌و كه‌سه‌ی كه‌ ئیمانی
هێنابوو دووباره‌ هاته‌وه‌ قسه‌ وتی : ئه‌ی قه‌وم و هۆزه‌كه‌م شوێنی من بكه‌ون
به‌قسه‌ی من بكه‌ن ڕێنموویتان ده‌كه‌م بۆ ڕێبازی سه‌رفرازی و چاكه‌ و چاكه‌كاری .
39. يَا قَوْمِ إِنَّمَا هَذِهِ الْحَيَاةُ الدُّنْيَا مَتَاعٌ وَإِنَّ الْآخِرَةَ هِيَ دَارُ الْقَرَارِ : ئه‌ی قه‌وم و هۆزم
بێگومان ژیانی ئه‌م دنیایه‌ بریتیه‌ له‌ رابواردنێكی كه‌م ، به‌ڕاستی ژیانی پاشه‌ ڕۆژ و
داهاتوو ، هه‌ر ئه‌و شوێنی ئومێد و ئارام گرتن و حه‌سانه‌وه‌یه‌ بۆ ئیمانداران .
40. مَنْ عَمِلَ سَيِّئَةً فَلَا يُجْزَى إِلَّا مِثْلَهَا وَمَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِّن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ
فَأُوْلَئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ يُرْزَقُونَ فِيهَا بِغَيْرِ حِسَابٍ : ئه‌وه‌ی گوناهو هه‌ڵه‌یه‌كی كردبێت ،
ته‌نها به‌قه‌ده‌ر هه‌ڵه‌ و گوناهه‌كه‌ی خۆی تۆڵه‌ی لێده‌سێنرێت ، ئه‌وه‌ش كه‌ چاكه‌ی
كردووه‌ له‌ پیاوان و ئافره‌تان ، له‌ كوڕان و له‌ كچان له‌كاتێكدا كه‌ خاوه‌نی باوه‌ڕی
دامه‌زراون ، ئا ئه‌وانه‌ ده‌چنه‌ به‌هه‌شته‌وه‌ و بێ سنوور و بێ حساب رزق و ڕۆزی
هه‌مه‌جۆر و هه‌مه‌ چه‌شنیان پێده‌به‌خشرێت .
41. وَيَا قَوْمِ مَا لِي أَدْعُوكُمْ إِلَى النَّجَاةِ وَتَدْعُونَنِي إِلَى النَّارِ : ئه‌ی قه‌وم و هۆزم ئه‌وه‌
چییه‌ ، خۆ من بانگی ئێوه‌ ده‌كه‌م بۆ رزگاریی ، بۆ سه‌رفرازی بۆ به‌هه‌شت ، كه‌چی
ئێوه‌ بانگی من ده‌كه‌ن ، بۆ خوانه‌ناسی ، بۆ سه‌رگه‌ردانی بۆ دۆزه‌خ !
42. تَدْعُونَنِي لِأَكْفُرَ بِاللَّهِ وَأُشْرِكَ بِهِ مَا لَيْسَ لِي بِهِ عِلْمٌ وَأَنَا أَدْعُوكُمْ إِلَى الْعَزِيزِ الْغَفَّارِ :
بانگم ده‌كه‌ن تا باوه‌ڕم به‌ خوا نه‌مێنێت و هاوه‌ڵ و شه‌ریكی بۆ بڕیار بده‌م ، بێ هیچ
به‌ڵگه‌و زانستی و زانیاریه‌ك ، له‌كاتێكدا من بانگتان ده‌كه‌م بۆلای زاتێك كه‌ زۆر
باڵاده‌سته‌ و زۆریش لێخۆشبووه‌ ....
43. لَا جَرَمَ أَنَّمَا تَدْعُونَنِي إِلَيْهِ لَيْسَ لَهُ دَعْوَةٌ فِي الدُّنْيَا وَلَا فِي الْآخِرَةِ وَأَنَّ مَرَدَّنَا إِلَى اللَّهِ
وَأَنَّ الْمُسْرِفِينَ هُمْ أَصْحَابُ النَّارِ : شتێكی راسته‌و گومانی تێدانیه‌ ئه‌وه‌ی كه‌ ئێوه‌ من
بانگ ده‌كه‌ بۆ لای خاوه‌نی هیچ بانگه‌واز و به‌رنامه‌ و پرۆگرامێك نیه‌ ، نه‌ له‌ دنیادا

، نە لە قیامەتیشدا ، ئەوەش نابێت لەیاد بکەین ، کە بەراستیش گەڕانەوەمان بۆ لای خوای گەورەیە ، ئەوانەش تاوانی زۆر ئەنجام دەدەن و سەرکەش و لە سنوور ترازاون ، ئەوانە نیشتەجێی دۆزەخن .

44. فَسَتَذْكُرُونَ مَا أَقُولُ لَكُمْ وَأُفَوِّضُ أَمْرِي إِلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ : جا لە ئایندەدا ڕۆژێک دێت ، ئەم قسانەی منتان بیتەوە یاد ، ئێستاکەش من خۆم وکارو بارەکانم دەدەمە دەست خواو پشت بەوەدەبەستم ، چونکە بێگومان خوا بینایە بە بەندەکانی .

45. فَوَقَاهُ اللَّهُ سَيِّئَاتِ مَا مَكَرُوا وَحَاقَ بِآلِ فِرْعَوْنَ سُوءُ الْعَذَابِ : جا خوای گەورە ئەو ئیمانداره ژیرەی پاراست لە پیلانی خراپ و دڕندانەیان ، دارو دەستەی فیرعەونیش سزایەکی زۆر سەختیان تووش بوو.....

46. النَّارُ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّا وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ أَدْخِلُوا آلَ فِرْعَوْنَ أَشَدَّ الْعَذَابِ : ئاگری دۆزەخە ، بەیانیان و ئێواران ، نیشانیان دەدرێت ، یاخود پیایاندا دەچزێنرێت ، لە ( جیهانی بەرزەخدا ) ڕۆژی قیامەتیش فەرمان دەدرێت : ئادەی تاقم و دەستەی فیرعەون بخەنە ناو ئێش و ئازاری زۆر ناخۆشەوە .

47. وَإِذْ يَتَحَاجُّونَ فِي النَّارِ فَيَقُولُ الضُّعَفَاءُ لِلَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا إِنَّا كُنَّا لَكُمْ تَبَعًا فَهَلْ أَنتُم مُّغْنُونَ عَنَّا نَصِيبًا مِّنَ النَّارِ : ئەو کاتە ئیتر شەڕو کێشە دەست پێدەکەن لەناو ئاگری دۆزەخدا ، لاواز و چەوساوەکان بەدەسەڵاتدارو لووت بەرزەکان دەڵێن : خۆ بەراستی ئێمە شوێنکەوتەی ئێوە بووین ، ئایا ئێوە ناتوانن تۆزێک سزای ئاگرمان لەسەر کەم بکەنەوە ؟

48. قَالَ الَّذِينَ اسْتَكْبَرُوا إِنَّا كُلٌّ فِيهَا إِنَّ اللَّهَ قَدْ حَكَمَ بَيْنَ الْعِبَادِ : لە وەڵامیاندا لووت بەرزەکان دەڵێن : ئێمە هەموومان لەناو ئاگردا گیرمان خواردووە ، بێگومان خوای گەورە داوەری کردووە لە نێوان بەندەکانیدا و بڕیارەکانی بڕاوەتەوە .

49. وَقَالَ الَّذِينَ فِي النَّارِ لِخَزَنَةِ جَهَنَّمَ ادْعُوا رَبَّكُمْ يُخَفِّفْ عَنَّا يَوْمًا مِّنَ الْعَذَابِ : ئینجا ئەوانەی کە لەناو ئاگری دۆزەخدان بە فریشتەکانی کارگێڕیی دۆزەخ دەڵێن : داوا لە پەروەردگارتان بکەن : تەنها ڕۆژێک سزاو ئازارمان لەسەر کەم بکاتەوە .

50. قَالُوا أَوَلَمْ تَكُ تَأْتِيكُمْ رُسُلُكُم بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا بَلَى قَالُوا فَادْعُوا وَمَا دُعَاءُ الْكَافِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَالٍ : ئەوانیش لە وەڵامی داخوازیەکەیاندا دەڵێن : باشە ، مەگەر پێغەمبەرەکانتان بە بەڵگەو نیشانەی ڕوون و ئاشکراوە ، ڕەوانە نەکرابوون بۆتان ؟ هەمووان بەیەک دەنگ دەڵێن : بەڵێ ، ڕاستە ، ئینجا فریشتەکان دەڵێن : دەی کەوابوو هەر داوا بکەن و بپاڕێنەوە ، بێگومان داخوازی و پاڕانەوەی کافران بە هیچ

ناچێت نرخێکی نیەو نیگەران نابێت .
51. إِنَّا لَنَنصُرُ رُسُلَنَا وَالَّذِينَ آمَنُوا فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَيَوْمَ يَقُومُ الْأَشْهَادُ : بەڕاستی ئێمە
پێغەمبەرەکانمان و ئەوانەش کە باوەڕیان هێناوە سەر دەخەین ، لە ژیانی دنیادا
هەروەها ئەو ڕۆژەش کە شایەتەکان شایەتی دەدەن ( فریشتەکان شایەتی بۆ
بانگخوازان دەدەن بانگخوازان شایەتن لەسەر خەڵکی ) .
52. يَوْمَ لَا يَنفَعُ الظَّالِمِينَ مَعْذِرَتُهُمْ وَلَهُمُ اللَّعْنَةُ وَلَهُمْ سُوءُ الدَّارِ : لەو ڕۆژەدا
ستەمکاران تکاو پاڕانەوەیان بێ سوودە و کەڵکیان پێناگەیەنێت ، نەفرین هەر بۆ
ئەوانە و هەر بۆ ئەوانیشە جێگەی ناساز و ناخۆش .
53. وَلَقَدْ آتَيْنَا مُوسَى الْهُدَى وَأَوْرَثْنَا بَنِي إِسْرَائِيلَ الْكِتَابَ : سوێند بەخوا بەڕاستی
ئێمە هیدایەت و ڕێنموویمان بەخشی بە موسا و تەوراتیشمان هێشتەوە لەناو
نەوەی ئیسرائیلدا تا پەیڕەوی بکەن و پابەندی بن .
54. هُدًى وَذِكْرَى لِأُولِي الْأَلْبَابِ : کردوشمانە بەهۆی ڕێنموویی و یادخستنەوە بۆ
خاوەن بیر و هۆشەکان .
55. فَاصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ وَاسْتَغْفِرْ لِذَنبِكَ وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ بِالْعَشِيِّ وَالْإِبْكَارِ : ئەی
پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسم ) بە ئارام و خۆڕاگربە بەراستی بەڵێن و وادەکانی
خوا هەر دێتەدی ، داوای لێخۆشبوونیش بکە بۆ گوناهەکانت ، تەسبیحات و ستایش
و سوپاسی پەروەردگاریشت بەردەوام ئەنجام بدە ، بە تایبەت لە دەمە و ئێواران و
دەمە بەیانیاندا .
56. إِنَّ الَّذِينَ يُجَادِلُونَ فِي آيَاتِ اللَّهِ بِغَيْرِ سُلْطَانٍ أَتَاهُمْ إِن فِي صُدُورِهِمْ إِلَّا كِبْرٌ مَّا هُم
بِبَالِغِيهِ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ : بەڕاستی ئەوانەی کە موجادەلەو گفتوگۆی
سەرکەشانە دەکەن و ، بە نەشارەزایی لە ئایەتەکانی خوا دەدوێن بێ ئەوەی
بەڵگەیەکی بەهێزیان پێ بێت ، ئەوانە تەنها لە سینەیاندا خۆ بەزل زانین هەیە ،
بەمەرجێک هیچ کات ناگەنە ئەو ئامانجەی کە هەیانە ، کەواتە تۆ پەنا بگرە بە خوا
لە شەڕی خوانەناسان چونکە بەڕاستی ئەو زاتە بیسەر و بینایە .
57. لَخَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ أَكْبَرُ مِنْ خَلْقِ النَّاسِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ :
بەڕاستی دروستکردنی ئاسمانەکان و زەوی لە دروستکردنی خەڵکی زۆر گەورە و
گرنگترە ، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەم ڕاستیانە تێناگەن و پەی پێ نابەن و نایزانن .
58. وَمَا يَسْتَوِي الْأَعْمَى وَالْبَصِيرُ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَلَا الْمُسِيءُ قَلِيلًا مَّا
تَتَذَكَّرُونَ : کەسانی کوێر لەبەرامبەر چاوساغەوە ، وەک یەک نین ، هەروەها
ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و کاروکردەوەی چاک ئەنجام دەدەن ، لەگەڵ ئەوانەدا

كه تاوان و گوناه دەكەن ( چوونيەک نين ) ، كەچی زۆر كەم خەڵكی تێدەفكرن و بیردەكەنەوە و بەراورد دەكەن .

59. إِنَّ السَّاعَةَ لَآتِيَةٌ لَّا رَيْبَ فِيهَا وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يُؤْمِنُونَ : بەڕاستی ڕۆژی قیامەت بەڕێوەیە و هەر دێت ، هیچ گومانیشی تیادانیە ، بەڵام زۆربەی خەڵكی ئیمان و باوەڕناهێنن و باوەڕیان پێی نیە .

60. وَقَالَ رَبُّكُمُ ادْعُونِي أَسْتَجِبْ لَكُمْ إِنَّ الَّذِينَ يَسْتَكْبِرُونَ عَنْ عِبَادَتِي سَيَدْخُلُونَ جَهَنَّمَ دَاخِرِينَ : ئەی خەڵكینە پەروەردگارتان فەرموویەتی : ئێوە هاناو هاوار بۆمن بهێنن ، ئەوە من دوعاو نزاتان گیرا دەكەم ، بەڕاستی ئەوانەی خۆیان بەگەورە دادەنێن ولووت بەرزی دەكەن لەئاستی پەرستنی مندا ، لەئاییندەدا بەسەرشۆڕی و خەجاڵەتییەوە دەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوە .

61. اللَّهُ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ اللَّيْلَ لِتَسْكُنُوا فِيهِ وَالنَّهَارَ مُبْصِرًا إِنَّ اللَّهَ لَذُو فَضْلٍ عَلَى النَّاسِ وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَشْكُرُونَ : خوا ئەو پەروەردگارەیە شەوی بۆ سازاندوون ، تا تیایدا ئارام بگرن و بحەوێنەوە ، ڕۆژگاریشی بۆ ڕۆشن و ڕووناک كردوونەتەوە ، بەڕاستی خوای گەورە خاوەنی بەخشندەی و نازو نیعمەتی زۆرە بەسەر خەڵكیەوە ، بەڵام زۆربەی خەڵكی سوپاسگوزاری ناكەن .

62. ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ خَالِقُ كُلِّ شَيْءٍ لَّا إِلَهَ إِلَّا هُوَ فَأَنَّى تُؤْفَكُونَ : ئەو زاتە خوای ئێوەیە و پەروەردگارتانە ، بەدیهێنەری هەموو شتێكە ، هیچ خوایەک نیە جگە لەو ، ئیتر ئێوە بەرەو كوێ دەبرێن ؟ چۆن لادەدرێن لە بەرنامەكەی ؟

63. كَذَلِكَ يُؤْفَكُ الَّذِينَ كَانُوا بِآيَاتِ اللَّهِ يَجْحَدُونَ : هەر بەو شێوەیە لادرابوون ئەوانەی كە لە پێش ئەمانەوە دژایەتی ئایەت و فەرمانەكانی خوایان دەكرد و لە ڕێبازەكەی لایان دەدا و دژایەتیان دەكرد ( بەڵام كوان ؟! بۆ كوێ چوون ؟! چیان بەسەر هات ؟! ) .

64. اللَّهُ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ قَرَارًا وَالسَّمَاء بِنَاء وَصَوَّرَكُمْ فَأَحْسَنَ صُوَرَكُمْ وَرَزَقَكُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ ذَلِكُمُ اللَّهُ رَبُّكُمْ فَتَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ : خوا ئەو زاتەیە كە زەوی بۆ كردوون بەشوێنی سرەوتن و ژیان و حەوانەوە ، ئاسمانیشی بەسەرتانەوە ڕاگرتووە ، ڕووخسارو شێوازتانی نەخشاندووە ، بەجوانترین شێوەش نەخشاندویەتی ، لە ڕزق و ڕۆزی چاک و پاک و بەسوود بەهرەوەری كردوون ، جا ئا ئەوەیە خوای پەروەردگارتان ، پاک و بێ گەرد و بڵندە ئەو خوایەی كە پەروەردگاری هەموو جیهانیانە .

65. هُوَ الْحَيُّ لَا إِلَهَ إِلَّا هُوَ فَادْعُوهُ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ : ئەو زاتە

هەمیشە و بەردەوام هەر زیندووە ، جگە لەو خوایەکی تر نیە ، کەوابوو هانا و هاوار و نزاتان روو بەو بێت ، ملکەچ و فەرمانبەرداری بەرنامە و ئاینەکەی ئەو بن ، سوپاس و ستایش بۆ خوا ، کە پەروەردگاری هەموو جیهانیانە .

66. قُلْ إِنِّي نُهِيتُ أَنْ أَعْبُدَ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِن دُونِ اللَّهِ لَمَّا جَاءنِيَ الْبَيِّنَاتُ مِن رَّبِّي وَأُمِرْتُ أَنْ أُسْلِمَ لِرَبِّ الْعَالَمِينَ : ئەی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسم ) پێیان بڵێ : بێگومان من قەدەغەم لێکراوە ئەو شتانە بپەرستم کە ئێوە لە جیاتی خوا هانا و هاواری بۆدەبەن ، لەکاتێکدا بەڵگەو نیشانەی زۆر و ئاشکرام لە لایەن پەروەردگارمەوە پێگەیشتووە و من فەرمانم پێ دراوە بە ملکەچی خۆم بدەمە دەست پەروەردگاری هەموو جیهانیان .

67. هُوَ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن تُرَابٍ ثُمَّ مِن نُّطْفَةٍ ثُمَّ مِنْ عَلَقَةٍ ثُمَّ يُخْرِجُكُمْ طِفْلًا ثُمَّ لِتَبْلُغُوا أَشُدَّكُمْ ثُمَّ لِتَكُونُوا شُيُوخًا وَمِنكُم مَّن يُتَوَفَّى مِن قَبْلُ وَلِتَبْلُغُوا أَجَلًا مُّسَمًّى وَلَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ : ئەو خوایە لە خاک ئێوەی دروست کردووە ، لەوەودوا لە نوتفە ( کە بریتییە لە بەیەکگشتنی سەرەمێکوتویەک کەبەچاو نابینرێت بە هێلکۆکەیەک کە بەقەدەر خاڵێکی بچووکە ) لەوەودوا دەبێتە خۆ هەڵواسەرێک پاشان دەرتان دەهێنێت کە منداڵێکی ساوان ، بەرەبەرەگەورەتان دەکات بۆ ئەوەی بگەنە ئەوپەڕی هێزو تواناو ژیریتان ، پاشان بۆ ئەوەی ببنە پیرو پەککەوتە ، هەشتانە ، پێش ئەوەی بگاتە یەکێک لەو قۆناغانە ، دەمرێت ، هەتانە دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی بگاتە کاتێکی دیاریکراو ، ( خوای گەورە ئەم هەموو راستیانەتان دەخاتە بەرچاو ) بۆ ئەوەی عاقڵ و ژیریتان بخەنە کار .

68. هُوَ الَّذِي يُحْيِي وَيُمِيتُ فَإِذَا قَضَى أَمْرًا فَإِنَّمَا يَقُولُ لَهُ كُن فَيَكُونُ : هەر ئەو زاتە ژیان دەبەخشێت وزیندووەران و گیانلەبەران دەمرێنێت ، جاکاتێک بڕیاری شتێکی دا هەر ئەوەندەیە کە پێی بفەرموێت : ببە ، دەست بەجێ دەبێت .

69. أَلَمْ تَرَ إِلَى الَّذِينَ يُجَادِلُونَ فِي آيَاتِ اللَّهِ أَنَّى يُصْرَفُونَ : ئایا نابینیت ئەوانەی کە موجادەلەو گفتوگۆی نابەجێ دەکەن دەربارەی ئایەت و فەرمانەکانی خوا ، ئەو سەرگەردانانە بەرەو کوێ لادەدرێن لە حەق و راستی ، روو لە کوێ دەکەن ؟

70. الَّذِينَ كَذَّبُوا بِالْكِتَابِ وَبِمَا أَرْسَلْنَا بِهِ رُسُلَنَا فَسَوْفَ يَعْلَمُونَ : ئەوانەی کە باوەڕیان نیە بە قورئان و بەو بەرنامە و رێبازەی کە بە پێغەمبەرەکانماندا رەوانەمان کردووە ، ئەوانە لە ئاییندەدا دەزانن چیان بەسەر دێت و خۆیان دەبیننەوە ....

71. إِذِ الْأَغْلَالُ فِي أَعْنَاقِهِمْ وَالسَّلَاسِلُ يُسْحَبُونَ : کاتێک کۆت و زنجیرەکان دەکرێنە گەردنیان و رادەکێشرێن .....

72. فِي الْحَمِيمِ ثُمَّ فِي النَّارِ يُسْجَرُونَ : بۆ ناو ئاوی زۆر گەرم ، پاشان ئاگریان پێ خۆش دەکرێت و دەبنە سووتەمەنی بۆی ....

73. ثُمَّ قِيلَ لَهُمْ أَيْنَ مَا كُنتُمْ تُشْرِكُونَ : لەوەودوا پێیان دەوترێت : کوان ئەو شتانەی کە بە هاوەڵتان دادەنا بۆ خوای باڵادەست ؟! ....

74. مِن دُونِ اللَّهِ قَالُوا ضَلُّوا عَنَّا بَل لَّمْ نَكُن نَّدْعُو مِن قَبْلُ شَيْئًا كَذَلِكَ يُضِلُّ اللَّهُ الْكَافِرِينَ : لە جیاتی خوا دەتانپەرست ، بەکەساسی و خەجاڵەتیەوە دەڵێن : لێمان ون بوون ، دیار نین !! ، بەڵکو ئێمە هەر ناوی کەسی ترمان نەدەبرد ( دیارە لە ترسدا ، یان هەر بیروباوەڕی خۆیان فەرامۆش کردووە ) ، ئا بەو شێوەیە خوا کافران سەرگەردان و سەرلێشێواو دەکات ......

75. ذَلِكُم بِمَا كُنتُمْ تَفْرَحُونَ فِي الْأَرْضِ بِغَيْرِ الْحَقِّ وَبِمَا كُنتُمْ تَمْرَحُونَ : ئا ئەم بارودۆخەی کە ئێستا تیایدا گیرتان خواردووە سەرنجامی ئەو کەیف وشادی سوڕ و سەمایەیە کە لەسەر زەویدا بە ناحەق ئەنجامتاندەدا و کەشخەتان دەکرد بەسەر خەڵکەوە و نازتان دەکرد بەسەریاندا ....

76. ادْخُلُوا أَبْوَابَ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا فَبِئْسَ مَثْوَى الْمُتَكَبِّرِينَ : دەی ...لە قاپیەکانی دۆزەخەوە بۆ ژوورەوە ، ئەوەش بزانن ناشمرن تیایدا و بە هەمیشەیی تیایدا دەمێننەوە ، ئای کە شوێن و جێگەی خۆبەزل زانەکان ناخۆش و ناسازە .....

77. فَاصْبِرْ إِنَّ وَعْدَ اللَّهِ حَقٌّ فَإِمَّا نُرِيَنَّكَ بَعْضَ الَّذِي نَعِدُهُمْ أَوْ نَتَوَفَّيَنَّكَ فَإِلَيْنَا يُرْجَعُونَ : جا ئەی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسم ) ئارامگربە و دڵنیاش بە کە بەڵێنی خوا ڕاست و دروستە و هەر دێتەدی ، ئەوسا یان ئەوەیە کە هەندێ لە هەڕەشەکانمان دژیان بەچاوی خۆت دەبینیت ، یاخود ئەگەر گیانمان کێشابێت و وەفاتت کرد ، ئەوانە بۆ کوێ دەچن ؟! ، بەناچاری هەر بۆ لای ئێمە دەبرێنەوە ( ئەوسا بەتوندی تۆڵەیان لێ دەسێنین ) .

78. وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِّن قَبْلِكَ مِنْهُم مَّن قَصَصْنَا عَلَيْكَ وَمِنْهُم مَّن لَّمْ نَقْصُصْ عَلَيْكَ وَمَا كَانَ لِرَسُولٍ أَنْ يَأْتِيَ بِآيَةٍ إِلَّا بِإِذْنِ اللَّهِ فَإِذَا جَاء أَمْرُ اللَّهِ قُضِيَ بِالْحَقِّ وَخَسِرَ هُنَالِكَ الْمُبْطِلُونَ : بەڕاستی ئێمە پێش تۆ پێغەمبەرانی تریشمان ڕەوانە کردووە ، هەیانە سەرگوزشتە و بەسەرهاتیانمان بۆ نە گێراویتەوە ، هیچ پێغەمبەرێکیش بۆی نەبووە موعجیزەیەک پێش بهێنێت بەبێ مۆڵەتی خوای باڵادەست ، جاکاتێک فەرمانی خوا هاتبێت ، ئەوە جێبەجێ کراوە بەڕاستی ، ئەوکاتە ئیترناحەق و نادروستەکان خەسارەتمەند بوون لەوێدا .

79. اللَّهُ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَنْعَامَ لِتَرْكَبُوا مِنْهَا وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ : هەر خوایە کە ماڵاتی بۆ

ئێوه رام هێناوه ، تا هەندێکی بۆ سواری بەکاربهێنن وهەندێکیشی بۆ خۆراک سوودی لێ وەربگرن .

80. وَلَكُمْ فِيهَا مَنَافِعُ وَلِتَبْلُغُوا عَلَيْهَا حَاجَةً فِي صُدُورِكُمْ وَعَلَيْهَا وَعَلَى الْفُلْكِ تُحْمَلُونَ : هەروەها سوودی زۆری ترتان دەست دەکەوێت لەو ماڵاتانەدا ، بۆ ئەوەی بەسواری ئەوانە بگەنە ئەو شوێنانەی نیازتان لە دڵدایە بیگەنێ و کاروباری خۆتان ئەنجام بدەن ، جا بەسواری ئەو وڵاخانە و کەشتیش هەڵدەگیرێن ( هاتوچۆیان بۆ ئاسان کردوون ) .

81. وَيُرِيكُمْ آيَاتِهِ فَأَيَّ آيَاتِ اللَّهِ تُنكِرُونَ : ئوزاتە بڵگەو دەسەڵاتی خۆیتان نیشان دەدات ، جا بە چ بەڵگەو نیشانە و موعجزەیەکی خوایی ئێوه بڕوا ناکەن و دژی دەوەستن ؟!

82. أَفَلَمْ يَسِيرُوا فِي الْأَرْضِ فَيَنظُرُوا كَيْفَ كَانَ عَاقِبَةُ الَّذِينَ مِن قَبْلِهِمْ كَانُوا أَكْثَرَ مِنْهُمْ وَأَشَدَّ قُوَّةً وَآثَارًا فِي الْأَرْضِ فَمَا أَغْنَى عَنْهُم مَّا كَانُوا يَكْسِبُونَ : ئایا ئەو بەزەویدا نەگەڕاون تا تەماشا بکەن کە چیمان بەسەر قەوم و خەڵکانی پێش ئەماندا هێناوه و سەرەئەنجامیان چۆن بووه ، ئەوان زۆر لەمان زیاتر بوون و هێزیان لەمان زۆرتر بوو ، شوێنەواریان لەزەویدا ئاشکراتربوو بێگومان ئەو کاروکردەوە نادروستەی کە دەیانکرد هیچ فریایان نەکەوت و رزگاری نەکردن .

83. فَلَمَّا جَاءتْهُمْ رُسُلُهُم بِالْبَيِّنَاتِ فَرِحُوا بِمَا عِندَهُم مِّنَ الْعِلْمِ وَحَاقَ بِهِم مَّا كَانُوا بِهِ يَسْتَهْزِؤُون : جا کاتێک کە پێغەمبەرەکانیان بە بەڵگە و نیشانەی تەواوەوە بۆیان رەوانە کرا ، لەجیاتی ئەوەی باوەڕیان پێ بهێنن خۆیان دڵخۆش کرد بەو رادە کەمەی کە لە زانست و زانیاری هەیانبوو سەرئەنجام هەڕەشەی خوا لەسەرزاری پێغەمبەراندا یەخەی پێگرتن و ئەوەی کە ئەوان گاڵتەیان پێدەکرد دەستەو یەخەیان بوو ، فەوتاندی .

84. فَلَمَّا رَأَوْا بَأْسَنَا قَالُوا آمَنَّا بِاللَّهِ وَحْدَهُ وَكَفَرْنَا بِمَا كُنَّا بِهِ مُشْرِكِينَ : جا کاتێ کە تۆڵە و سزای ئێمەیان بینی و دڵنیا بوون کە رزگاریان نابێت وتیان : ئیتر ئێمە باوەڕمان بە تاک و تەنهایی خوا هێناوه ( جگە لەو کەسی تر ناپەرستن ) ، بێ باوەڕیش بووین بەو شتانەی کە دامان نابوو بەهاوەڵی خوای پەروەردگار و پەشیمانین .

85. فَلَمْ يَكُ يَنفَعُهُمْ إِيمَانُهُمْ لَمَّا رَأَوْا بَأْسَنَا سُنَّتَ اللَّهِ الَّتِي قَدْ خَلَتْ فِي عِبَادِهِ وَخَسِرَ هُنَالِكَ الْكَافِرُونَ : جا بێگومان ئیمانی ئاوا سوودی نەبوو بۆتان ، کاتێک تۆڵە و خەشم و قینی ئێمە دەبینن و لە ترساندا باوەڕ دەهێنن ، چونکە ئەمە بەراستی

بەرنامەی خوایە بۆ بەندەکانی بەدرێژایی زەمانە دەبێت لە تەواوی ئازادیدا ، بێ ترس و زۆر باوەڕی پێبکەن ، باوەڕی تەنگانە و کاتی تیاچوون پەسەند نیە ، ئا لەو شوێنەدا ئیتر کافرو بێ بڕواکان خەسارەتمەندیی و زەرەری بێ سنووریان بۆ مایەوە .